# بنكەی (كاوە)ی رۆشنبیری

# لە كۆڕێكی رێككەوتنامەی ستراتیجی رێگری لە خەڵكی یەكێتی دەكەن

هەولێر: تایبەت

كاتژمێر (6)ی ئێوارە رێكەوتی 2007/8/7 بنكەی (كاوە)ی رۆشنبیری كۆڕێكی بۆ بەرێز (سەعدی ئەحمەد پیرە) ئەندامی مەكتەبی سیاسی (ی ن ك) لە ژێر ناونیشانی (گرنگی رێككەوتنامە ستراتیجیەكەی نێوان یەكێت نیشتمانی كوردستان و پارتی دیموكراتی كوردستان) ساز كرد. لە كاتی پێشوازی كردن لە میوانان، پۆلیسەكانی بەردەم بارەگای بنكەی (كاوە)ی رۆشنبیری بە شێوەیەكی زۆر نا شایستە رێگریان لە ستاف مەكتەبی رێكخراوە دیموكراتیەكانی (ی ن ك) لە هەولێر كرد.

جێی ئاماژە پێكردنە بۆ شەرمەزار كردنی ئەم هەڵوێستەی پۆلیسەكان بەشێكی زۆر لە نوێنەری رێكخراو و سەندیكاكان شوێنی سیمینارەكەیان جێهێشت، ئەم هەڵوێستانەش دەبێتە هۆی دروست كردنی بێ ئومێدی لە نێو خەڵك لە بەرامبەر ئەم رێككەوتنامە ستراتیجیە.